# بوونی توانستی وانەوتنەوە لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوەتنەوە

# لە زانکۆی کۆیە بەپێی هەندێک لە گۆڕاوەکان دا

**بەدرخان مستەفا ابراهیم**

بەشی پەروەردەی ئاینی ،کۆلێژی پەروەردە–بەشی پەروەردەی ئاینی، زانکۆی کۆیە،کۆیە،هەرێمی کوردستان،عێراق

ئیمەیڵ: badrkhan.mustafa@koyauniversity.org

**پوختە:**

زانکۆ بە گرنگترین دەزگای ئامادەکردنی هێزی مرۆیی پێویست دادەنرێت، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگە، زانکۆ ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە، لەوانە جەختکردنی بەردەوام لە بەدەستهێنانی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، بە شێوەی بنەمایی بۆ وانەوتنەوەی دیاریکراو، هەروەها جێبەجێکردنی ئەو توانستانە بە شێوەیەکی گونجاو لە وانەوتنەوەدا.

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتی یە لە زانینی ئاستی هەبوونی توانستی وانەوتنەوە لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە. وە هەروەها زانینی توانستی وانەوتنەوە، بەپێی پسپۆڕی زانستی و ڕەگەز و پلەی ئەکادیمی. بو زانین و ڕوونکردنەوەی ئەم ئامانجانەش توێژەر پشتی بە توێژینەوەی وەسفی بەستووە، سامپلی توێژینەوەکە بریتی بوون لە (٨٠) وانەبێژە لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆی کۆیەی بۆ سالی خویندنی ٢٠١٨-٢٠١٩.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پێوەرێکی (٦٢) بڕگەیی، لە چەند جۆری هەڵبژاردنی (هەڵە و ڕاست و جێبەجێکردن) داناوە، هەروەها پرسیارو وەڵامی دیاریکراوی داناوە، دوای تەواوبوون لە تاقیکردنەوە و جێبەجێکردنی بڕگەکان و ئامار و وردەکارییەکان، ئەنجامی توانستی وانەوتنەوە لە نیوان بە ئاماری ڕوون لە هەبووتوانستی وانەوتنەوە لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەردەکەوێت، بەوشێوەیە بەهای(t) بە ڕوونی لە بەهای خشتەی (t) دەردەکەوێت. لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بڵێین: مامۆستایان گرنگی بە ڕەوتی جیاکاری توانستی زانستی دەدەن، بەڵام سەبارەت بە پەیوەندی گۆڕاوی دیموگرافی ڕەگەزەکان، ئەنجامی جیاواز لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ(٣٣، ٢٦٤)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دەردەکەویت، کە جیاوازی رەگەزی نێر گەورەترە لە ناوەندی هەژمارکردن(٣٣، ٢٤٧)، بەپێی دەقی ئەم ئەنجامە، مامۆستایان لە رەگەزی مێ زیاتر گرنگی بە (توانستی زانستی) دەدەن، بەراورد بە مامۆستایان لە رەگەزی نێر. سەبارەت بە توانستی زانستی و مرۆیی: ئەنجامی هەڵبژاردنی (انوفا) ئەو ئەنجامە دەخاتەڕوو، کە جیاوازی لە نێوان دوو رەگەزەکەدا نییە.

لە ژیر رۆشنایی ئەنجامەکانی تویژینەوە, ئەنجامدانی تویژینەوە و لیکۆڵینەوەی زیاتری پەیوەست بە توانستی وانەوتنەوە لە گەل گروپ و دەستەی جیاوازتر و لە ژمارە گەورەتر پیشنیار دەکەین.
هەروەها پیویستە دەرفەتی بەشداریکردن بە فیرخوازان و ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بدریت لە پرۆسەی وانەوتنەوە ، بڕیاری ئەکادیمی گرنگ بدریت لە لایەن وەزارەتی خویندنی بالا و تویژینەوەی زانستی بە سود وەرگرتن لەم تویژینەوانە.

**کلیلە وشەکان:** چەمکی وانەوتنەوە-توانستی گۆڕین-بونی توانستی-زانکۆی کۆیە

# بەشی یەکەم

# ناساندنی تویژینەوە

### ١- کێشەی توێژینەوە:

زانکۆ گرنگترین دەزگایە لە ئامادەکردنی هێزی مرۆیی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگە، دانانی پلانی گەشەپێدانی پسپۆڕییەکان و کادیرە هونەرییەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببێتەوە، هەرورەها توانای گۆڕانکاری و پەرەپێدانی هەبێت.

زانکۆ ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، بێگومان کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە لە پێشەنگی هەموو ئاستەنگەکانە، کە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بەڕێوەی دەبەن، هاوکات پێشبینی دەکرێت ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆکان رۆڵێکی چالاک و بنەمایی ببینن لە بەرجەستەکردنی توانستی وانەوتنەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، یەکێکە لە بەشدارە سەرەکییەکانی سیستەمی فێرکردن، بۆیە پێویستە توانستی بنەماییان هەبێت، بۆ ئەوەی رۆڵ و بەپرسیارێتی خۆیان ببینن، گرنگترین رۆڵەکانیان بریتییە لە وانەوتنەوە، وانەوتنەوە پێویستی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

بە توانستی پێویست هەیە، لەبەرئەوەی توانستی وانەوتنەوە کاردەکاتە سەر ئاستی ئەو دەرچوانەی زانکۆ، کە بونیادنانی کۆمەڵگەیان دەکەوێتە ئەستۆ، هەروەها توانستی وانەوتنەوەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، کاریگەری لەسەر گرنگترین ئەو خزمەتگوزارییانە دەبێت، کە زنکۆ پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات.

توێژەرە لە ڕێگای کارامەیی خودی لە پێگەی مامۆستایی لە زانکۆ و کۆلیژی پەروەردە لە ڕێگای زانینی دیدگای ئەندامانی دەستەی مامۆستایان لە واقیعی وانەوتنەوە لە زانکۆدا، تێبینی کردووە، پرس و بابەتی توانستی وانەوتنەوە چەندین دیدگا و بۆچوون لەخۆدەگرێت، کە هەندێکیان ڕاستن و هەندێکی دیکەیان زیادەڕۆیین، بەڵام لە هەقیقەتدا توانستی وانەوتنەوە پێویستی بە دیاریکردن و دڵنیابوون هەیە.

**٢-گرنگی توێژینەوە:**

لەسەر ئەو بنەمایەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، ڕەگەزێکی گرنگ و بەرپرسن لە بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراوی فێرکردنی زانکۆ، گرنگی بە دیاریکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی توانستی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەدەین، کە پێویستە هەیانبێت، هەروەها بەپێی توانستەکانیان ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان هەڵبسەنگێنرێت، کە ڕۆڵەکەیان گونجاوە لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم، ئەگەرچی گرنگیدان بە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە نوێ نییە، بەڵام پرسی گرنگیدان زۆر بە سستی بەڕێوە دەچێت، هەروەها لە سەرەتاوە کورتکراوەتەوە لەسەر ڕۆڵی ئەندامانی دەستەی مامۆستایان لە زانکۆ ئەمریکییەکان و بەریتانییەکان.

پرسی گرنگیدان بە مامۆستایانی زانکۆ لە سەدەی نۆزدە دەستپێکردووە، پاڵنەری گرنگیدان لە پەرسەندنی بواری زانستی و پەروەردەیی و دەروونی هاتە ئاراوە. (حولي) ئاماژە بە بۆچوونی (کلیبر) دەکات، کە فاکتەری سەرەکی دابەزینی ئاستی وانەوتنەوە لە زۆربەی زانکۆکانی جیهاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، بە تایبەتی ئامادەنەکراون بۆ وانەوتنەوە لە زانکۆکاندا، بۆیە گرنگییدان بە پەرەپێدانی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆکان دراوە، کە زانکۆکانی ئەمریکا و بەریتانیا و کەندا و فەرەنسا زۆرترین چانسیان لە گرنگیپێدان هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بەریتانیا لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ هەڵسەنگاندنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

ئاستی ئەو ڕەگەزانە داناوە، کە خزمەتگوزاریی فێرکردن بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی زانکۆکانی بەریتانیا لەساڵی (١٩٩٢) پیشکەشیان دەکرد، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەم توێژینەوەیە، دەتوانین ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەربگرین و لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەین، (الحولي، ٢٠٠٤ ).

بەردەوامی جێبەجێکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە، ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی توانستی وانەوتنەوە بخەینە خزمەتی زانکۆ.

**٣- ئامانجەکانی توێژینەوە:**

لە سەر ڕۆشنایی کێشەی تویژینەوە، دەتوانین ئەمانجەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

١- زانینی ئاستی هەبوونی توانستی وانەوتنەوە لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە.

٢- زانینی توانستی وانەوتنەوە، بەپێی پسپۆڕی زانستی(کۆلیژە زانستی و ویژەییەکان).

٣- زانینی توانستی وانەوتنەوە بەپێی ڕەگەز.

٤- زانینی توانستی وانەوتنەوە بەپێی پلەی ئەکادیمی(مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاردەدەر، پرۆفیسۆر)

**٣- سنوری توێژینەوە:**

**سنوری کاتی:** دابەشکردنی ڕاپرسییەکە لە ماوەی نێوان(مانگی پێنج و حەوت)ی ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩)یە

**سنوری شوێنی:** ژمارەی هەندێک بەش و کۆلیژەکان ئەمانەن:

کۆلیژی پەروەردە- کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان – کۆلیژی ئەندازیاری – کۆلیژی زانستەکان و تەندروستی لە زانکۆی کۆیە.

**سنوری مرۆیی:** بەرێز ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە کۆلیژەکانی سەرەوە.

**سنوری بابەتی:** هەبوونی توانستی وانەوتنەوە، لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆی کۆیە.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی توێژینەوە دەستەی وانەوتنەوەی زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ – ٢٠١٩)ی لەخۆگرتووە. سەیری خشتەی ژمارە (١ )


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

خشتەی ژمارە (١ ) ژمارەی دەستەی وانەوتنەوەی زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ – ٢٠١٩)

| کولیژ | ژمارە |
| --- | --- |
| ئەندازیاری | ١٠٢ |
| زانست و تەندروستی | ١٠١ |
| زانستە کۆمەلایەتیەکان | ٦٩ |
| پەروەردە | ١٤٢ |
| کۆی گشتی | ٤١٤ |

**٤- پێناسەی زاراوە بەکارهێنراوەکان بۆ توێژینەوەکە:**

- توانستی کاری وانەوتنەوە ، کە گونجاوە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە:

بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکار، کە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە کاتی چالاکییەکانی وانەوتنەوە پێی هەڵدەستن، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی فێرکردن.

- ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە: هەر کەسێک کاری وانەوتنەوە لە زانکۆ بکات، پلەی (پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر – (وزارة التعليم العالي في مصر, ٢٠٠٥).

- دەستەواژەی وانەوتنەوە وەکو ئاماژە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو پرۆسەیەی کە مامۆستا لەگەڵ فێرخوازەکان لە قۆناغەکانی فێرکردنی پێش ناوەندی و زانکۆ پێی هەڵدەستن. (القلا، ٢٠٠٣، ص ٣٠).

- توانستی پلاندانان: بریتییە لەو کارەی کە ئەندامانی دەستەی وانەوەتنەوە، پرۆسەی وانەوتنەوەی پێ دەستپێدەکەن، کە چوارچێوەیەکی گشتگیرە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە دادەنرێت، (بە پشتبەستان بە توانستی پلانی لاوەکی: پشتبەستان بە فێرخواز- تاقیکردنەوە و دیاریکردنی ئامانج – تێگەیشتن لە بابەتە زانستییەکە – تاقیکردنەوەی سەرچاوەکان و تەکنەلۆژیای فێرکاری و تاقیکردنەوەی چالاکییەکان – نەخشەی ستراتیجی وانەوتنەوە و نەخشەی هەڵسەنگاندن)، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان لە کاتێکی دیاریکراودا (راشد، ٢٠٠٥).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

- توانستی جێبەجێکردن: قۆناغی دووەمی پرۆسەی وانەوتنەوەیە، کە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ فێرخوازەکان پلانەکە جێبەجێ دەکەن،(ئەمەش بە جێبەجێکردنی توانستی جێبەجێکردنی لاوەکی دەبێت: لەسەر بنەمای ڕەخساندنی کەشی وانەوتنەوە – ئامادەکردنی فێرخوازەکان – پەیوەندی کاریگەر لەگەڵ فێرخوازەکان – بەکارهێنانی پرسیار لە ساتی وانەوتنەوە – بەکارهێنانی سەرچاوە و تەکنەلۆژیای فێرکری – شرۆڤە و ڕوونکردنەوە – ئاشناکردنی فێرخوازەکان بە پرۆسەی فێربوون – بەیەکەوە بەستنەوەی ریکارە سەرەکییەکان – ڕێکخستنی ڕەفتاری فێرخوازەکان).

ئەوە قۆناغی کاری کردارییە، کە لەماوەی کاری کرداری ئامانج و چالاکییەکانی فیرکردن، یان ڕەفتار و کارامەییە درککراوەکانی تاک تاکی فێرخوازەکان دەگۆڕدرێت بۆ فێربوون.

- توانستی هەڵسەنگاندن: بریتییە لە قۆناغی تەریبوونی پڕۆسەی فێرکردن و فێربوون و بەیەکەوەبەستنەوەی سەرجەم قۆناغەکان، لەم قۆناغەدا ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە پێشدا فێرخوازەکان بە شێوەی بونیادی هەڵدەسەنگێنن، هەروەها کاریگەری وانەوتنەوە هەڵدەسەنگێنن، هەروەها پێداچوونەوە بە زانیارییەکان دەکەن، بۆ ئەوەی ئاستی سەرکەوتنی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەیان لە جێبەجێکردنی پرۆسەکە بۆ دەربکەوێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

# بەشی دووەم

## چوارچیوەی تیوری و توێژینەوەکانی پێشوو

### چوارچیوەی تیۆری:

وانەوتنەوە بە شکۆدارترین پیشە دادەنرێت، مرۆڤ بە گشتی و مامۆستا بە تایبەتی پەیڕەوی دەکات، ئەگەر ئەوانەی لە بواری وانەوتنەوە کاردەکەن، مامۆستابن، کاریگەری روون لەسەر کۆی کۆمەڵگە جێدەهێڵن، نەک تەنها لەسەر تاک، هەمان حالەت بۆ خاوەن پیشەکانی دیکەش راستە، وەکو پزیشکەکان، ئەندازیارەکان، پارێزەرەکان، خاوەن پیشەکان، کاتێک مامۆستا بەشێکی بابەتێکم پێ دەڵێت: لە یەک رۆژدا بە (دەیان) و (سەدان) فێرخواز دەڵێت، لێرەدا جیاوازییەکە لەگەڵ پیشەی پزیشکی روونە، بۆ نموونە پزیشک تایبەتە بە چارەسەرکردنی یەک کەس لە تاکەکانی کۆمەڵگا، هاوکات بەشیک لە جەستەی نەخۆشەکە چارەسەر دەکات، بۆیە کاریگەری زانستی لەسەر نەخۆش جێناهێڵێت، وەکو چۆن مامۆستا دوای وانەوتنەوە کاریگەری زانستی گەوەر لەسەر ئەقڵیی فێرخواز و کەسایەتییەکەی جێدەهێڵێت، هەروەها لەسەر چۆنیەتی گەشەکردنی و کرانەوەیەی بە ڕووی هەقیقەتەکانی ژیان.

لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە پرۆسەی وانەوتنەوە لە نێوان پیشەکاندا بە بنەمای یەکەم دادەنرێت، کە پزیشک و ئەندازیار و پارێزەر و ژمێریار و خاوەن پیشەکانی دیکە، بێگومان لەسەر دەستی مامۆستا فێردەبن، لەبەرئەوەی لە ئەنجامی کار و هەوڵ و تێکۆشان و راهێنانی لە قۆناغە جیاوازەکانی فێرکردن پێگەیشتوون.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، مامۆستا بە بەردەوامی هەوڵدەدات لە رێگای پیشەی وانەوتنەوە نوێکار و داهێنەر بێت، هەروەها ئەقڵی فێرخوازەکانی گەشەپێ بدات، هەروەها ئەخلاقیان جوان بکات، ئەوەی ناروونە روونی بکاتەوە، هەروەها پەردە لەسەر شاراوەکان لابدات، رابردو و داهاتوو بەیەکەوە ببەستێتەوە، هیوا و بڕوا لە دەروونی نەوەی پێگەیشتوو دروست بکات، هەروەها ئامادەیان بکات بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو، لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە ژیان و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## چەمکی وانەوتنەوە:

لە ئەمڕۆدا وانەوتنەوە بە یەکێک لە بوارەکانی مەعریفەی زانستی پەروەردە دادەنرێت، کە سەر بە بواری مەعریفەی پراکتیکی و داهێنانە، وانەوتنەوە خۆی لەم چوار بوارە دەبنێتەوە: (مامۆستا، فێرخواز، بابەتی خوێندن، ژینگەی فێربوونە)، ئامانجی وانەوتنەوە دانانی سیغەیەکی گونجاوە، بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی(خوێندن و کاتی گونجاو و شوێنی تایبەت بۆ وانەوتنەوە)، کە مامۆستا ڕێگای وانەوتنەوە لەپاڵ پەیوەندی ئەوەی بە فێرخوازی دڵێت و ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی لە ناویدا دەژیت (القلا ٢٠٠٦).

## تایبەتمەندییەکانی وانەوتنەوە:

– وانەوتنەوە مەعریفە و زانیاری بە فێرخواز دەبەخشێت: فێرخواز زۆر شت هەیە سەبارەت بە خودی خۆی نایزانێت، یان سەبارەت بە ژینگەی دەوروبەری خۆی نایزانێت، بۆیە پێویستی بە کەسێکە قسەی بۆ لەسەر ئەو شتانە بکات، ئەوە وانەوتنەوە مەعریفەی سەبارەت بەو کایە و بوارانە پێدەدات کە نایانزانێت.

– وانەوتنەوە هۆکاری فێربوونە: تاک بۆ ئەوەی فێربێت، پێویستە ئامادەی وەرگرتنی مەعریفە و ئەزموون بێت، هاوکات وانەوتنەوە تاک ئامادەدەکات بۆ ئەم فێربوونە، وانەوتنەوەی هەقیقی پرۆسەی فێربوون و ڕازیکردنی تاک بەخۆدەگرێت، یان بۆ ئەوەی تاک فێربێت، ئەوە مامۆستا یارمەتی فێرخواز دەدات، بۆ ئەوەی فێربێت و کارەکان بە خودی خۆی ئەنجام بدات.

– وانەوتنەوە یارمەتی فێرخواز دەدات، زانیارییەکانی پرتکتیزە بکات: ڕۆڵی وانەوتنەوە تەنها بریتی نییە، لەوەی فێرخواز هەندێک مەعریفە و زانیاری بەدەست بهێنێت، بەلکو ئەرکی ئەوەیە یارمەتی فێرخواز بدات، مەعریفە و زانیارییەکانی پراکتیزە بکات و هەروەها فێربێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ژینگە بکات و بەسەر کێشانە سەربکەوێت لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

– وانەوتنەوە یارمەتی فێرخواز دەدات، لە ژینگەکەی ژیان بکات و بگونجێت: فێرخواز بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان وەڵامی وروژێنە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان دەداتەوە، هەروەها وانەوتنەوەی هەقیقی یارمەتی فیرخواز دەدات، کاری گونجاو و سەرکەوتوو لەگەڵ ژینگەکەی بدات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

– وانەوتنەوە یارمەتی چالاک بوون و سوربوونی فێرخواز دەدات: وانەوتنەوە کاردەکاتە سەر ڕاکێشانی سەرنجی فێرخواز و وروژاندنی هزری، هەروەها کاردەکاتە سەر ئەوەی سوربێت لەسەر وەڵامدانەوەی ڕاست بۆ فێربوون، کە هەموویان مەرجی فێربوونی نوێن.

– وانەوتنەوە کار لەسەر ئاراستەکردنی فێرخواز دەکات: وانەوتنەوە فێرخواز ئاراستەدەکات، بۆ فێربوونی شتی ڕاست، بە شێوازی دروست و لە کاتی گونجاو، بەوشێوەیە وانەوتنەوە پارێزگاری لە هەوڵی فێربوون دەکات، لەسەر ئەو تێچوونانەی بۆ فێربوون دەدرێن.

– وانەوتنەوە مەشق بە هەڵچوون و سۆزی فێرخواز دەکات: وانەوتنەوە کار لەسەر مەشقپێکردن و پاککردنەوەی هەڵچوون و سۆزی فێرخواز دەکات، بەوشێوەیە کەشی خۆشەویستی و ئازادی و پەیوەندی باش و ڕێزی یەکترگرتن لە پۆلدا دەستەبەر دەکات.

– وانەوتنەوە پرۆسەی هەستی و نەستییە لە یەک کاتدا: وانەوتنەوە بە پرۆسەی هەستی و نەستی لە یەک کاتدا دادەنرێت، ئەو بەشەی زۆر کاریگەری لەسەری هەیە، بەشی نەستییە، پەیوەندی تایبەتی نێوان مامۆستا و فیرخواز کاریگەری روونی لەسەر گەشەی فێرخواز هەیە.

– واتا وانەوتنەوە پرۆسەی ئامادەکردن و پلاندانانە: وانەوتنەوە لەسەر بنەمای ئامادەکردن و پلاندانان دادەمەزرێت، گرنگترین دیاردەی ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە، بۆ یارمەتیدانی فێرخوازە بۆ گەشەکردنی لایەنە جیاوازەکانی، جەستەی، سۆزی، ئەقڵیی، بیروبڕوای، لایەنی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی چالاکانە بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتی بکات.

– وانەوتنەوە کارێکی کارامەییە: هەموو مامۆستایەکی سەرکەوتوو دەبێت، ڕێگای وانەوتنەوەی جۆراوجۆر بزانێت، بۆ ئەوەی هەڵوێستی فێرکردن بە شێوازی داهێنەرانە بۆ فێرخواز بونیاد بنێت، تاکو ئامانجی پەروەردەیی دیاریکراو بەدەست بهێنێت، پێویستە لەسەر مامۆستا جەخت بکاتە سەر ئامادەیی پێویست، تاکو فێرخوازەکان پێش هەموو وانەیەک فێربکات.

– وانەوتنەوە هونەر و زانستە: وانەوتنەوە هونەرە، لەبەرئەوەی هەڵوێستی وانەوتنەوە، دەیان گۆڕاوی کارلیکراو لەخۆدەگرێت، بۆیە پێویستە مامۆستا هونەرمەند بێت، تاکو بتوانێت ئەو هەڵوێستانە جێبەجێ بکات، کە پشت بە خێرایی خودی مامۆستا دەبەستێت، هەروەها وانەوتنەوە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

زانستە، لەبەرئەوەی بنەما و تیۆری تایبەت بە خۆی هەیە، پێویستە مامۆستا خۆی بۆ ئامادەبكات و پەیڕەویان بكات، بۆیە وانەوتنەوە لە یەک كاتدا هونەر و زانستە.

- وانەوتنەوە پێویستی بە پاڵنەری هەریەک لە مامۆستا و فێرخوازە: بۆ وانەوتنەوە پێویستە مامۆستا ئارەزووی هەبێت و راستگۆبێت لە كارەكەی، هەروەها پێویستە فیرخواز ئارەزووی فێربوونی هەبێت و راستەوخۆ و چالاكانە پرۆسەی فێربوون وەربگرێت. (راشد, ٢٠٠٥).

**چەمكی توانست:** زۆر لە پسپۆڕانی ئەم بوارە هەوڵیانداوە، چەمكی توانست دیاری بكەن، لێرەدا دەتوانین بۆچونی هەندێكیان كورت بكەینەوە:

**توانست:** واتا توانا لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجی فێركردن و گەیشتن بە ئەنجامی دیاریكراو، بە كەمترین تێچوون و هەوڵ و كات و پارە(الفتلاوي, ٢٠٠٣).

هەروەها واتا كۆمەڵێک مەعریفە و كارامەیی و رێكار و ئاراستە كە مامۆستا پێویستی پێیەتی، بۆ بەرێوەبردنی كارەكەی بە كەمترین تێچوون و هەوڵ و كات، بەبێ ئەمانە ناتوانێت ئەركی خۆی بە شێوەی پێویست جێبەجێ بكات، بۆیە پێویستە ئەمانە وەكو مەرجی جێبەجێكردانی ئەركەكەی هەبن، تاكو كارەكەی ئەنجام بدات. (الأحمد, ٢٠٠٥).

لە روویێكی دیكەوە، واتا كۆمەڵێک مەعریفە و كارامەیی و ئاراستەی پێویست، بۆ ئەوەی مامۆستا رۆڵی خۆی ببینێت، ئەو توانستانە سروشتی مەعریفی و ویژدانیان هەیە، هەروەها توانایە بۆ بەدەستهێنانی گەشەی مەبەستدار، بەپێی پێوەری دیاریكراوی پێشوەخت، هەرچەندە بتوانین بە تەواوی ئەنجام بەدەستیهێنین توانست زیاتر دەبێت. (الأحمد, ٢٠٠٥).

لەسەر ئەو بنەمایە دەبینین توانست سێ پێكهاتەی سەرەكی هەیە: پێكهاتەی (مەعریفی، ویژدانی، كارامەیی).

پێكهاتەی مەعریفی: رەنگدانەوەی باگراوندی تیۆرییە، كە كەسی واتایی پێویستی پێیەتی، بۆ شرۆڤەكردن و روونكردنەوەی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو ئەركەی كە كارەكەی پێویستی پێیەتی، هەروەها بۆ چۆنیەتی وەسفكردنی هەنگاوەكانی و پەیڕەوكردنیان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پێکهاتەی ویژدانی: ئەم پێکهاتەیە کۆی ئاراستە و بەها و پرنسیپە ئەخلاقییەکان و هەڵوێستە ئەرێنییەکان لەخۆ دەگرێت، کە پەیوەندیان بە پیشە و ئەرکەکەیەوە هەیە، کە کاریان پێدەکات و پەیرەویان دەکات، لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی و پابەندبوون بە پیشەکەیەوە.

پێکهاتەی کارامەیی: کارامەیی زارەکی و نا زارەکی لەخۆدەگرێت، هەروەها کارامەیی ئەقڵیی و دەروون جوڵەیی، ئەم کارامەییانە یارمەتی پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی توانستەکان دەدەن (الاحمد, ٢٠٠٥).

**دیاریکردنی چەمکی توانست لە بواری پەروەردە:**

لە پشکنینی هەندێک فەرهەنگی تایبەت دەردەکەوێت، پیناسەی توانست زۆرە، بەپێی زۆری رەهەندەکانی توانست، لە دیدی (فولکيي) (١٩٧١)، لە فەرهەنگی زمانی پەروەردە، توانست بریتییە لە توانا(capacity) ئەگەر (یاسایی یان پیشەیی) بێت، کە بریتییە لە بەدەستهێنانی هەندێک رۆڵ و ئەرک و ئەنجامدانی هەندێک کار.

لە دیدی (کاستون میالاري) توانست دەستکەوتی توانایە، یان ئەو ئامادەییەیە کە هێمایە بۆ سەرجەم ئامادەیی تاک، پەیوەندی بە لایەنی سایکۆلۆژییەوە هەیە، هاوکات توانا(capacity)، ئاماژەیە بۆ کاریگەری ناوەندی بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەتی کاریگەری خوێندنگە لە ماوەی دەستکەوتەکانی تاک.

هەروەها فەرهەنگی گشتی بۆ پەروەردە، ئاماژە بەوەدەکات توانست(competence) تایبەتمەندی ئەرێنی تاکە، کە تاک بە توانای خۆی هەندێک ڕۆڵ دەبینێت، هەروەها توانست زۆر جۆری هەیە، لەوانە توانستی گشتی(competences generals)، کە توانای گۆڕین و ئاسانکاری هەیە. بۆ ئەنجامدانی چەندین ئەرک.

هەروەها توانستی جۆری یان تایبەت (competences specifics) هەیە، ئەم توانستە تەنها بۆ ئەرکی تایبەت بەکاردەهێنرێت. هەروەها توانستی ئاسانکاری فێربوون و چارەسەری کێشە هەیە، هەورەها توانستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لێکتێگەیشتنی نێوان تاکەکان هەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: توانست لە تێڕوانینی ڕەفتاری بریتییە لەو ئەرک و کارانەی تاک ئەنجامیان دەدات. بەڵام لە تێڕوانینی مەعریفی وەکو ستراتیجی کاریگەری چالاکییەکان دەبینرێت. پێویستە ئاماژە بەوەبکەین، ناوەندی توێژینەوەی پیداگۆجی فێرکردن بەو شێوەیە پێناسەی توانستی کردووە: توانست گونجانی مەعریفەی تێگەیشتن و کارامەیی پراکتیکییە، کە لەسەر شێوەی پلانی بەش بەش لە ناو هەڵوێستەکان ڕێکدەخرێت، بۆ زانینی گرنگی کێشەکان و چارەسەرکردنیان بە ئەنجامدانی کاری گونجاو.

لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە، پێویستە ئەوە بە بنەما وەرنەگرین، کە توانست ڕەفتاری پەرچەکرداریی ماسولکەکانە یان ڕژێنەکانە، وەکو ڕەفتارییەکان وەسفی دەکەن، بەڵکو توانست دەربڕینی کار و ئەرکە، لەبەرئەوەی توانست ئاماژەیە بە توانای جێبەجێکردنی کار و ئەرکێک، بە ڕێگایەکی پەسند و ویستراو(شبكة التربية الإسلامية, ٢٠٠٦, http://ostad.medliarweb.net).

**پۆلێنکردنی توانستەکان:**

**دەتوانین قسە لەسەر دوو پۆلێنی دیار بکەین:**

**پۆلێنی یەکەم: بەپێی پەیڕەوی إریبارن ١٩٨٩ A.Iribarne:**

**کە توانستی پۆلێن کردووە بۆ سێ ئاست:**

**توانستی لاساییکردنەوە: tradition**

بریتییە لە کردنی کارێک یان چالاکییەک، بە شێوەیەک بە تەواوی گونجاوبێت لەگەڵ کار یان چالاکی پێشو، بە پێی تێگەیشتن لە بنەما و پرنسیپەکانی. ئەمە جۆرێکە لە توانستی چەقبەستو، کە بەشێوەیەکی میکانیکی و دووبارە بەپێی هەنگاو و ڕێکار دیاریکراوی پێشوەخت جێبەجێی دەکرێت.

بۆ نموونە، تێبینی پێشەوەرانی کۆن بکەین، کە باوکان هەندێک پیشە تەنها لە ڕێگای لاساییکردنەوەی باپیرانیان فێربووینە، هەمان شت لە فێربوونی کلاسیکی کۆن تێبینی دەکرێت، کە

فێرخوازان هەندێک سیستەمی بە لاسایکردنەوە بەبێ تێگەیشتن لە واتا و زمان و شێوازەکەی ئەزبەریان کردووە.

**توانستی گۆڕین**: Transposition.

ئەم جۆرەی کارکردن، یان ئەنجامدانی چالاکی پوخت دەکرێت بەبێ لاساییکردنەوە، کە سەرچاوەکەی پێوانە و بیرکردنەوەیە، لە ڕێگای نموونە و مەعریفە و تەکنەلۆژیای پێش حالەتە هاوشێوەکە. بۆ نموونە پێوانەکردنی شتێکی نەبوو لەسەر شتێکی هەبوو، یان پێوانەکردنی پرسێکی نوێ لەسەر پرسێکی هاوشێوەی خۆی، کە پێشتر زانیاری سەبارەتی هەبووە، وەکو چۆن هەموو مادەیەکی بێهۆشکەری نوێ پێوانە دەکرێت، لەسەر بێهۆشکەرەکانی پێشوو، لەسەر بنەمای پێوانەکردنەکە بڕیاری قەدەغەکردنی دەدرێت، لەبەر ئەوەی نموونەیەکی هاوشێوەی هەیە، لەسەری جێبەجێ دەکرێت، کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت.

**توانستی داهێنان**:Innovation .

ئەم جۆرەی توانست لە ئاستێکی بەرزدایە، کە پێویستی بە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەی ئاڵۆزترە، لە پێناوی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، کە پێشتر ئەو چارەسەر نەناسراوە، ئەو توانستە پیویستی بەوەیە، کەسەکە چارەسەرەکان لە بونیادی مەعریفی و ئەزموون و کارامەییەکانی خۆی وەربگرێت، کەسەکە کاردەکات لەسەر ڕێکخستن و گونجاندنی هەموو ڕەگەزە پێویستەکان، لە نێوان ڕەگەزەکان داهێنان دەکات، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشە پێشنیارکراوەکە دابنێت.

**٢- پۆلێنی دووەم: تایبەتمەندی و بەردەوامی:**

بەپێی بۆچوونی هەندێک لە توێژەران، هەڵوێستە لەسەر پۆلێنێکی دیکە دەکەین، کە جیاکاری لە نێوان دوو جۆی توانست دەکات:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

⁽⁽**توانستی تایبەت یان جۆری**:Competences disciplinarians .

ئەم جۆرەی توانست پەیوەستە بە بوارێکی دیاریکراوی مەعریفی یان کارامەیی یان ویژدانی یان بە بابەتێکی دیاریکراوی خوێندن یان بە بوارێکی پێکهێنانی دیاریکراو، کە بنەمای ئەم توانستە لە بنەمای مەعریفی یان مێتۆدی هەر بوارێک وەکو خۆی وەردەگیرێت، هەروەها لە ئەرکی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی پێکهاتنی. بۆ نموونە لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە قسە لەسەر توانستی ڕۆشنبیری و توانستی ڕێکارەکان و کارەکان و توانستی وەرزشی دەکەین، یان لەسەر توانستی پیشەسازی یان پەیوەندیکردن یان زمانێک لە زمانەکان دەکەین، ...

**توانستی بەرفرەوان**: Competences transversals .

مەبەست لە بەرفرەوانی ئەوەیە لە بنەماوە بواری جێبەجێکردنی فرەوانە، کە بواری جۆراوجۆ دەگرێتەوە، ئەگەر توانستەکە جۆری بوو، ئەوە دەتوانین بە ستونی وەسفی بکەین، یان بابەتێک یان بوارێکی ستونی دەگرێتەوە، ئەگەر توانستە بەرفراوانەکە ئاسۆیی بوو، ئەوە لە رووی بابەت و بوارەکان ژمارە دەگرێتەوە.(شبكة التربية الإسلامية, ٢٠٠٦, http:ostad.ndharweb.net ).

هەروەها توێژەر(كاري GARRY )، توانستەکان پۆلێن دەکات، بۆ سێ جۆر: (توانستی مەعریفی، توانستی ئەنجامدان، توانستی بەرهەمهێنان).

هەروەها(الخطيب) دەڵێت: دەتوانین توانست بۆ پێنج بوار پۆلێن بکەین: (توانستی هزری، توانستی پیشەیی، توانستی کەسی، توانستی مرۆیی/ کۆمەڵایەتی، توانستی داهێنان)، (العبيدي, ٢٠٠٤).

لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە سیستەم، ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە یەکێکە لە بەشدارە سەرەکییەکانی فێرکردنی زانکۆ، لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین توانستە پیویستەکانی پۆلێن بکەین، بۆ ئەوەی ئامانجی داواکراو بۆ خزمەتی زانکۆ و ژینگەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە بەدەست بهێنێت:

توانستی کەسی(خودی): بریتییە لە تایبەتمەندی بنەمایی، کە یارمەتی دەدات، بە ئاسانی ئامانجەکانی و ئامانجەکانی زانکۆ و کۆمەڵگە بە ئاسانی بەدەست بهێنێت. بۆ نموونە:

هاوسەنگی دەروونی و سۆزداری – بەرپرسیاریتی – هێزی چاکەخوازی – توانای داهێنان – نوێکردنەوە و پەسندکردنی بیرۆکەکان – توانای مەعریفی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکاری –



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، هەروەها چەندین سیفاتی دیکە کە پەیوەندیان بە سیما و روخسارەوە هەیە.

**توانستی هونەری(پیشەیی): ئەمانە دەگرێتەوە:**

توانای پلاندان و شیکاری هەبێت – توانای بڕیاردانی بە شێوەی زانستی – دەستنیشانکردنی ناتەواوی و لاوازی و دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەر – توانای شرۆڤەکردن – ئامادەکردنی بابەتی زانستی بە شێوازێکی نوێ – دیاریکردنی ئامانج بە شێوەیەکی ڕاست و دروست – توانای خستنەڕووی بابەتەکە بە زنجرەیی لۆژیکی – توانای بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و رازیکردن – بەکارهێنانی شێوازی نوێ لە ڕوونکردنەوە - توانای بەکارهێنانی هۆکارەکانی فێربوون – ڕێکخستنی بیرۆکە و هەقیقەت و چەمکەکان بە وردی – بەکارهێنانی شێوازی هاندان و وروژاندنی فێرخواز بە ئاراستەی فێربوونی خودی، ئەنجامدانی توێژینەوە بۆئەوەی فێرخوازەکان بە ئەرێنی بۆ فێربوون ئاراستە بکات، توانای گۆرینی فێربوون بە ئاراستەی خزمەتکردنی کۆمەڵگە- توانای بەکارهێنانی ئەنەرنێت، بۆ دەستەکەوتنی توێژینەوە و زانیاری نوێ.

**توانستی ئەکادیمی: ئەمانە دەگرێتەوە:**

بابەتی زانستی بزانێت – زانیاری لەسەر سەرچاوە جیاوازە نوێیەکان هەبێت- فرەوانی زانیاری لە بواری تایبەت بەخۆی، کە ئەزموونی فراوانی لەسەریان هەیە - زنیاری لەسەر مەعریفە نوێیەکان هەبێت – درککردنی پەیوەندی نێوان بابەتە جیاوازەکان – زانیاری لەسەر توێژینەوە و زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیان بەو بابەتەوە هەیە، کە بەشدارن لە پرۆگرامی زانستی و کۆنگرەکان بۆ توێژینەوەی زانستی – توانای توێژینەوەی زانستی پراکتیکی هەبێت، کە لە خزمەتی زانکۆ و کۆمەڵگە جێبەجێبکرێت.

**توانستی ڕۆشنبیری: ئەمانە دەگرێتەوە:**

فراوانی زانیاری لەسەر ئەو بابەتانەی جیاوازن لە پسپۆڕی خۆی – زانیاری لەسەر کێشەکانی ژینگەکەی هەبێت – بەشداری خولەکانی رۆشنبیری بکات – بلاوکراوە رۆژنامەوانییەکان و گۆڤارە جۆراوجۆرەکان بخوێنێتەوە - گرنگی بە توێژینەوەی ناوخۆیی و جیهانییەکان بدات – سەیری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

پرۆگرامە رۆشنبیرییەکانی میدیاکان بکات – زانیاری لەسەر رۆشنبیری و شارستانییە جیاوازە کۆن و نوێیەکان هەبێت.

**توانستی کارگێڕی: ئەمانە لەخۆدەگرێت:**

توانای پیادەکردنی بنەما کارگێڕییەکانی هەبێت، وەکو پلاندانان، ڕێکخستن، چاودێری، سەرپەرشتیکردن، پەیوەندیکردن و بەردەوامی بە ڕێگایەکی دروست بکات، بە شێوازی سەرکردایەتی دیموکراسی رەچاوی نوێگەری بکات، پەیڕەوی پرۆسەی دەنگدان بکات، نموونەی نوێ بەکاربهێنێت، وەکو بەڕیوەبردانی ئامانج و بەڕێوەبردانی ئەنجامەکان، بەکارهێنانی کوشینی مێشک و شێوازی دیکە، کە سەرکەوتنی ناوخۆیی و جیهانی جێگیر دەکات.

پێویستە لەسەر ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە پەیوەندی مرۆڤانە بونیاد بنێت، وەکو: ڕێزگرتن لە هەستی فێرخواز – هاندانیان لەسەر ئازادی بۆچوون – بونیادنانی پەیوەندی جوان و باش لەگەڵ فێرخوازان و مامۆستایان – گرنگیدان بە کێشەی فێرخوازان و بارودۆخیان – لە هەڵسوکەوتکردن نەرمونیان بێت – بلاوکردنەوەی کەشێکی پر لە متمانە و ڕێز لە نێوان فێرخوازەکان – بەدەستهێنانی متمانەی یەکەی کارگێڕی باڵا و فەرمانبەرەکان و هاوڕێیەکانی.

توێژەر توانستەکانی وانەوتنەوەی بەپێی قۆناغەکانی خوێندن دابەشکردووە بۆ: توانستی پلاندانان، توانستی جێبەجێکردن، توانستی هەڵسەنگاندن.

**سنوری سەرچاوەی توانستە پێویستەکانی مامۆستایان:**

١- توێژەر بۆ توانستە پێویستەکانی مامۆستایان پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستووە، سەرچاوەکان بریتین لە: (سیاسەتی فێرکردنی زانکۆ لە کۆماری عەرەبی سوریا(یاسای ڕێکخستنی زانکۆکان).

٢- ڕێکاری کۆکردنەوەی سەرچاوە زانستییەکان و لیکۆڵینەوە و توێژینەوە پەروەردەییەکانی پەیوەستن بە توانستی مامۆستا، توێژەر سودی لەم سەرچاوانە بینیوە بۆ ئامادەکردنی لیستی ئەم توانستانە بۆ مامۆستایان. دوای پێداچوونەوە و وردبینی ڕێکیخستوون و هەندێک لە دەستەواژەکانی هەمووارکردووەتەوە، لە لیستی جیاواز داناون(هەروەها بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە روونیکردوونەوە).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

٣- پوختەکردنی پیوەری باشی وانەوتنەوە لە یەکتربڕی پێوەری باشی زانکۆ بیانی و عەرەبییەکان، هەڵبژاردانی گونجاوترینیان بۆ ژینگەکەمان.

٤- پێویستییەکانی فێرخواز و تایبەتمەندی و پێویستییەکانی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیرێت.

٥- دۆخی زانکۆ و واقیعی وانەوتنەوە لە چوارچێوەی گەڕان و چاودیری توێژەر بێت.

**پەیوەندی نێوان وانەوتنەوە و توانستی وانەوتنەوە:**

وتنەوەی پیشەیەکی هونەری رود، پێویستی بە ئامادەکردنی ئەوانەیە کە وانەدەڵێنەوە، لەبەرئەوەی کەسێک ناتوانێت وانەبڵێتەوە، لەبەرئەوەی تەنها توانای گشتی هەیە، هەروەها پیشەی وانەوتنەوە تەنها واتای گواستنەوەی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ فێرخواز نییە، بەڵکو ئامانجی راستکردنەوەی ڕەفتارە، یان پرۆسەی وانەوتنەوە، بێگومان دەبێت فێربوونی هەقیقی بخاتەوە، بە پێچەوانەوە واتا و گرنگی خۆی لەدەستدەدات.

لەسەر ئەو بنەمایە چیتر وانەوتنەوە تەنها چالاکییەکی سادە نییە، بریتی بێت لە پەرچەکردار، بەڵکو وانەوتنەوە کارێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە مەعریفەی جۆراوجۆر و توانای باڵا و توانستی وانەوتنەوەیە، لەبەرئەوە لە ئێستادا پێویستە جەخت بکرێتە سەر رۆڵی فیدباک سەبارەت بە ئەنجامی پرۆسەی وانەوتنەوە، هەروەها جێبەجێکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە، پێویستی بەوەیە مامۆستا توانستی بنەمایی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت کەشێکی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی باش بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی چاکترین دەستکەوتی فێرکردنی پەروەردەیی بەدەست بهێنرێت(وزارة التعليم العالي في مصر, ٢٠٠٦).

**تایبەتمەندی توانستی وانەوتنەوە:**

١- توانای گشتاندن: واتا ئەرکی مامۆستا لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی دیکە جیاواز نییە، بە جیاوازی ئەو بابەتەکە یان پسپۆڕییەکەی، ئەگەرچی جیادەکرێنەوە بە نەرموونیانی و توانای پێکهێنانی وانەوتنەوە بەپێی سروشتی هەر بابەت و پسپۆڕییەک.

٢- توانای مەشق و فێربوونی هەبێت: واتا بتوانێت لە ڕێگای پرۆگرامی مەشقە جیاوازەکان توانستی وانەوتنەوە بەدەست بهێنێت.

٣- بتوانێت لە سەرچاوەی جۆراوجۆر توانستی وانەوتنەوە بەدەست بهێنێت، سەرچاوەکان بریتین لە:

١- دیاریکردنی پێویستی فێرخوازان و تایبەتمەندییەکانیان.

٢- شیکردنەوەی ئەو ڕۆڵ و ئەرکەکانی مامۆستا ئەنجامیان دەدات، لە ڕێگای تێبینیکردنی ڕەفتارەکانی لە ساتی وانەوتنەوە دا .

٤- تیۆرەکانی وانەوتنەوە و فێربوون(وزارة التعليم العالي في مصر, ٢٠٠٦).

## توێژینەوەکانی پێشوو:

### یەکەم: ئەو توێژینەوانەی پەیوەندیان بە وانەوتنەووە هەیە:

* توێژینەوەی حەمدان و **الناظر** (١٩٩٦), توانستی پلەی پەیڕەوکردنی فێرکردن لەلای مامۆستایانی پسپۆڕی پەروەردەی وەرزشی لەسەر بنەمای تێڕوانین بۆ فێرخوازەکانیان لە کۆلیژەکانی کۆمەڵگەی (ئوردن)ی، ئامانجی توێژبەوەکە ئامادەکردنی لیستی توانستی فێرکردنی پێویستی مامۆستایانی پسپۆڕە لە پەروەردە وەرزشییەکان، لە کۆلیژەکانی کۆمەڵگەی ئوردن، هەروەها پلەی پەیڕەوکردنی مامۆستایانی پسپۆڕ لە پەروەردەی وەرزشی بۆ توانستی فێرکردن لەسەر تێڕوانین بۆ فێرخوازەکانیان. ئەنجامی توێژینەکە ئەوەی خستەڕوو، مامۆستایانی پسپۆڕ لە پەروەردەی وەرزشی لە کۆلیژەکانی کۆمەڵگەی ئوردن، بە پلەیەکی بەرز خاوەنی ئەم توانستانەیە: (هەڵسەنگاندن، کارکردن بە گروپ، شێواز و هۆکار و ئامراز و چالاکی، پەیوەندیکردن و کارلێکردن، توانستی خودی و ئامادەیی، پەیوەندی مرۆیی، وانەوتنەوە، پلانی جێبەجێکردن)، هەروەها توانستی پەرەپێدانی پرۆگرامیان لە پلەی ناوەندە، توێژینەوەکە لە کۆلیژەکانی کۆمەڵگەی ئوردن بەڕێوەچووە.

* توێژینەوەی محافظة و السامرائي(١٩٩٦) بە ناوی ئامرازەکانی پێشنیارکراو بۆ هەڵسەنگاندنی وانەوتنەوە لە زانکۆ، ئامانجی توێژینەوە زانینی گرنگترین ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی وانەوتنەوەیە، هەروەها خستنەڕووی ئامرازە ڕاست و دروستەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارامەیی وانەوتنەوەیە، لە پێناوی پێشنیاریکردنی ئامراز و کەل و پەل و سەرچاوەی هەڵسەنگاندنی نوێ، توێژینەوەکە ئەوەی خستەڕوو، کەل و پەل و سەرچاوەی هەڵسەنگاندنی زۆر بۆ وانەوتنەوە لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

ناو زانکۆکاندا هەیە، گرنگترینیان(هەڵسەنگاندنی سەرۆک بەشی ئەکادیمیاکان، کە لەلایەن مامۆستایان و فێرخواز و لیژنەی تایبەت هەڵبسەنگێنرێن، هەروەها هەڵسەنگاندنی خودی بۆ مامۆستا، کۆتایی توێژینەوەکە ئەم (دە) پێشنیارەیە، کە نموونەی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیی وانەوتنەوەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە.

* توێژینەوەی دەزگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە ساڵی (١٩٩٧) لە بەریتانیا، پێوەری باشی بەریتانیای بۆ کارگێڕی خوێندنگا لە بڵاوکراوەی ژمارە(NSR) دیاری کرد، لەبەندێکی تایبەتدا بەم شێوەیە قسە لەسەر مامۆستایان دەکات: مامۆستایان خاوەنی مەعریفەن و تێگەیشتنی تەواویان بۆ ئەو بابەتانە هەیە کە دەیڵێنەوە، هۆکاری زۆر کاریگەر بەکاردەهێنن بۆ هەر ناوەڕۆکێکی دیاریکراو، هەروەها کات و تەکنەلۆژیای فێرکاری چالاکانە بۆ گرووپەکان بەکاردەهێنن.

پێشبینی باڵا بۆ فێرخوازان دەکەن، فێرخوازان بەهێز دەکەن و کارەکانیان ڕێکدەخەن، کاروبارەکانیان زۆر بە باشی هەڵدەسوڕێنن.

فێربوون و دەستکەوتی فێرخوازان فراوان دەکەن، بە دیاریکردنی ئەرکی ڕێکخراو و جێگیر و دیاریکرا پشتگیریان دەکەن.

